# بچووکەکان شوێنی گەورەکان دەگرنەوە




مینی کۆمپیوتەرەکان، ئەو کۆمپیوتەرە قەبارە بچووکانەن کە هەموو تایبەتمەندییەکی گەورەکانیان لە بواری هێز و کاراییەوە هەیە بەڵام بچووکن و هەڵگرتنیان ئاسانە.
کۆمپانیای MSI نوێترین کۆمپیوتەری بچووکی خۆی بەناوی cobi5 خستەڕوو، کە پرۆسیسەرەکیە لە جۆری core i7Uیە. لەگەڵ هەموو ئامێرێکی داکردن و هەڵگرتن وەك M2, SSd.HDD دەگونجێت.
کێشی کۆمپیوتەرەکە ٥٤٨ گرامە. رامەکەی ٦٤ گیگابایتە. بۆ ئەرکە زۆر قورسەکانیش دەگونجێت وەك کاری گرافیك و سینەمایی.. گشت ئەو پۆرت و کەلێنانەی کە لە کۆمپیوتەرێکی مەزندا هەن لەو کۆمپیوتەرە بچووکەدا بەدی دەکرێن.

# شاشەیەکی بچووکی گەڕۆک



گەر بتەوێ وێنە و دیمەنەکانی سەر مۆبایلەکەت بە گەورەتر و روونی و گەشییەکی زیاتر ببینی، پێویستت بە شاشەیەکی گەورەترە لە شاشەی مۆبایلەکەت. گەر نیاز گەشت و سەفەرکردن هەیە و نیازت نییە کۆمپیوتەر یا لاپتۆپەکەت لەگەڵ خۆت بەری، دەکرێ شاشەیەکی گەڕۆکی لەمسی کە هەم هەڵگرتنی ئاسانە و هەم شوێنێکی ئەوتۆ ناگرێ لەگەڵ خۆت بەری..
شاشەی گەڕۆکی لەمسی جۆری Evi-clv یەکێك لەم شاشانەیە. شاشەکە تەنیا ٧ ئینجە. لەگەڵ مۆبایل، تیڤی، لاپتۆپ و دیسکتۆپ و ئیکس بۆکس و ئامێرەکانی دیکەی یاری پەیوەند دەدرێ. کوالیتی نیشاندانی زۆر بەهێزە. شاشەکە لەمسییە، توانای گەورەکردنی دیمەنەکان واتە زۆم کردنیشی هەیە. بڵندگۆکانی بەهێزن. هەم لەگەڵ ویندۆز و هەم لەگەڵ ios دەگونجێت. کێشی کەمە تەنیا ٥٢٠ گرامە.

# ڕێزەر دوو ماوسی نوێ بەرهەم دێنێ

ڕێزەر بۆ ئەوانەی کاری گەیمینگ دەکەن ناوێکی نامۆ نییە، بە بەهێزترین کۆمپانیای بەرهەمهێنی ئامێری گەیمینگ دادەنرێ. لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ناوبراو دوو ماوسی نوێی گەیمی بە ناوەکانی Basilisk Ultimate و Basilisk X HyperSpeed خستەڕوو.

ماوسەکان وایەرلەیسن و لە تەکنەلۆژیای HyperSpeed سوود وەردەگرن کە لە ٢٥٪ خێراتر لە هەر ماوسێکی دیکەن.

ماوسەکان دەکرێت پێنج پرۆ فایلی جیای بۆ دابندرێ. لەو کاتەی کە تەواو شەحن دەبنەوە دەکرێ سەد کاتژمێر بێ وەستان کاریان پێبکرێ.

ماوسەکان دەکرێ وایەریشیان بۆ دابندرێ. ماوسی جۆری Basilisk Ultimate خاوەنی ١١ دوگمەیە. کێشی ١٠٧ گرامە و جگە لە کۆمپیوتەر لەگەڵ ئیکس بۆکسیش دەگونجێت.



## دەسکی گەیم بۆ گشت ئامێرێک

دەسکی یاری کە gamepadی پێدەگوترێ بە بەراورد بە دەسکی یاری پێشوو زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، پێشووتر دەسکی یاری تەنیا تایبەت بوو بە ئامێرەکانی یاری وەك پلەی ستەیشن و ئیکس بۆکس و نیتندۆ...تاد. بەڵام ئێستاکە دەیان جۆر دەسکی گەیم gamepad بەرهەم هاتوون کە بۆ گشت ئامێرەکان دەگونجێن لە مۆبایل و کۆمپیوتەرەوە بگرە تا هەموو ئەو ئامێرانەی بۆ یاری کاریان پێدەکرێ.

گەیم پادی جۆکەر لەگەڵ سیستەمی ویندۆز و ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت. لەگەڵ هیچ یارییەك کە بە دەسکی گەیم بکرێت کێشەی نییە و ڕەنگە لەگەڵ زیاتر لە هەزار گەیم و یاری دەگونجێت. لە مەودای دە مەتر دوور لە ئامێرەوەکەوە کاری پێدەکرێت و کێشەی نییە.

دەکرێت هەم تەبلێت و هەم مۆبایلی لەسەر دابندرێ، بۆ ئامێرەکانی ٥ هەتا ١٠ ئینجی دەبێت. بە دوو کاتژمێر شەحن دەبێتەوە، تا دە کاتژمێری بەردەوامیش یاری کردن شەحنی دانابەزێت.



# تەبلێتێک وێنە شێوەکارییەکان دەکاتە دیجیتاڵی


تەبلێتەکان لەراستیدا هەمان مۆبایلن لەشاشەیەکی گەورەتردا. هەرچەندە لە هەندێك رووەوە کارایی و تواناییان یا کەمتر یا زیاترە.

تەبلێتی جۆری Repaper کە لەلایەن کۆمپانیایەکی فەرەنسیەوە بەرهەم هاتووە، کارکرد و توانایەکەی لەگەڵ گشت تەبلێتەکان جیاوازە. کاری سەرەکی تەبلێتەکە ئەوەیە کە ئەو وێنانەی شێوەکار لەسەر وەرەقە یان تابلۆ دەیانکێشتەوە بیانکاتە دیجیتالی، ئەویش نەك بەشێوەی لەبەرگرتنەوە و کۆپی کردن، بەڵکو کێشانەوە وەك خودی شێوەکارەکە.

لە راستیدا ناکرێت بەتەواوی ناوی تەبلێت بەسەر ئەم ئامێرەدا بنێین، بەڵام چونکە لە شێواز و قەبارەدا وەك تەبلێت دەچێ بۆیە تەبلێتی پێدەگوترێ. تەبلێتی ناوبراو بە سوود وەرگرتن لە موگناتیس جوڵەی سەر کاغەزەکە وەردەگرێ و جارێکی دیکە لە فۆرماتی دیجیتالیدا دەیکێشێتەوە. لەو تەبلێتەدا ٢٥ موگناتیس هەیە. لە سێ لایەنەوە جوڵەی قەڵەمەکان وەردەگرێ.

دوایی ئەوە وێنەکەی کردە دیجیتالی بەهۆی ئاپێك کە لە تەبلێتەکەدا هەیە، دەکرێ رەنگ کردن و سرینەوە و دروستکردنی وێنەی جوڵەدار دروست بکرێ.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، خێرایی لاپتۆپەکەم زۆر دابەزیوە، جارجارە رادەوەستێ، دەڵێن هاردەکەی ماندووە دەبێ بگۆڕدرێ بە جۆری SSD، ئایا بەو کارە خێراییەکەی دەچێتە سەرێ؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز، هاردی جۆری HDD ئیدی وردە وردە دەبنە ئەرشیف و نامێنن. ئێستا سەردەمی جۆری SSDیە کە هەم کێشیان کەمترە، هەم خێراییان چەند قات لە جۆری HDD زیاترە و هەم دەنگیان نییە. بێگومان بە گۆڕینی هاردی HDD بە SSD خێرایی بە چەند قات دەچێتە سەر، بۆ نموونە ئەگەر پێشووتر لەکاتی هەڵکردندا نزیکەی ٤٠ چرکە هەتا خولەکێکی دەخایاند، ئێستا تەنیا بە ١٠ خولەك دەچێتە سەر ویندۆز. نە تەنیا لە هەڵکردن و پێکردندا بگرە خێرایی لە کردنەوە و کارکردنی گشت پرۆگرامەکانیش پێکدێت.

## پرۆگرامێک بۆ نیشاندانی زانیارییەکانی سیستەم

هەندێك جار پرۆگرامێکی زۆر سادە و ساکار دەتوانێت ئەرکی زۆر گرنگ ئەنجام بدا، بۆ نموونە دەتوانێت لە بواری سیستەمی کۆمپیوتەرەوە زانیارییەکان بداتێ کە دۆزینەوەی ئەم زانیارییانە بە ئاسانی بەدەست نایەن.

بۆ نموونە دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی سیستەم رەنگە ئەرکێکی دژوار نەبێ، بەڵام ئەگەر بتەوێ زانیاری لەبارەی گشت بەشەکانی سیستەمێك بەدەست بێنی ئەوەیان دژوارە. بەڵام پرۆگرامێکی بچووکی وەك HWMonitor بە ئاسانی هەرچی زانیارییە سەبارەت بە سیستەمی کۆمپیوتەرەکەت بەدەست بێنی. وەك پرۆسیسەر، رام، مەزەلبۆرد، بۆس، فەن، کارتی گرافیکی و دەنگ...تاد. تەنیا بە چرتەیەك لەسەر پرۆگرامەکە نیشان دەدرێن.

تایبەتمەندییەکی گرنگی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە دەتوانێ گشت زانیارییەکانی لەبارەی سیستەمەوە بکاتە فایلێکی وێنەیی.



# شەترەنجی دیجیتاڵی

یاری شەترەنج مێژوویەکەی بۆ چەند هەزار ساڵێك دەگەڕێتەوە، شەترەنج هەم لە ریزی یاری دادەنرێت و هەم لە ریزی وەرزشی جەستەیی، چونکە دەگوترێ بۆ یاری کردنی شەترەنج وەزیەکی زۆر دەوێت..

ئامێری Square Off یەکەمین تەختەی شەترەنجی ئۆتۆماتیکیە کە لە ساڵی ٢٠١٧دا بەرهەم هات و لەم ساڵیشدا نوێترین ڤێرژنی ئەم شەترەنجە دیجیتالییە خرایە روو.

لەم شەترەنجەدا دەکرێت لەگەڵ خودی ئامێرەکە یاری بکەی، دەکرێت لەگەڵ کەسانی نزیك کە پێکەوە دانیشتوون یاری بکەی و دەکرێت لەگەڵ کەسانێك کە هەزاران کیلۆمەتر مەوداتان هەیە و لە رێگای ئەنتەرنێتەوە یاری بکەی.

بەکارهێنەر لەرێگای دوورەوە داشەکان دەجوڵێنێت، لەسەر مۆبایل یا کۆمپیوتەرەکەی دەتوانێ دیمەنی یارییەکە ببینێت.

شەترەنجەکە بۆ هەموو ئاستێك دەبێت و زیاتر لە ٢٠ قۆناغی تێدایە واتە دەکرێت بۆ ئەوانەی کە تازە فێربوونە و ئەوانەی تێیدا کارامە و لێهاتوون بگونجێت. دەکرێت یارییەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی راستەوخۆ نیشان بدرێ.



## ماڵپەڕێک بۆ ناسینەوەی زمانەکان

لە جیهانی ئەنتەرنێتدا بە هەزاران ماڵپەڕی سەیرو سەمەرە و سەرنج راکێش هەن، ماڵپەڕی https://www.languagesquad.com/ یەکێکە لەو ماڵپەڕانە کە راستە ئامانج لەو ماڵپەڕەدا کات بەسەربردنە، بەڵام بەهۆی ئەو تاقیکاری و یارییەی لە ماڵپەڕەکەدا هەیە ئاستی هۆش و زەینت زیاتر دەباتە سەرێ. کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە، کێبەرکێیەکی ناسینەوەی زمانەکانت بۆ دەکاتەوە، فایلێکی دەنگی لێدەدەی و دەبێ بزانی ئەم فایلە دەنگییە بە چ زمانێك دەردەبڕێ. رەنگە بۆ زانینی زمانەکانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و فەرەنسی کێشەت نەبێ، بەڵام زانینی زمانەکانی کۆری و چینی و ژاپۆنی سەرت لێدەشێوێنێ نازانی کامەیان چ زمانێکە.. سەردان لەم ماڵپەڕە بێ سوود نییە خۆت تاقیبکەوە بزانە چەندە شارەزای زمانی..

